KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1:11 22-8-2007

**بۆ سایتی کوردستان نێتی بەڕێز ... سەلاح محەمەد ئەمین**

لە 2007/8/21 لەسایتەکەتان بابەتێك بلاوکرایەوە بەناونیشانی (نامەیەکی کراوە بۆ وەزیری مافی مرۆڤ) لە نووسینی بەناو"چاودێرێك"، بەمەبەستی دەرخستنی ڕاستیەکان ئەم ڕونکردنەوەیە دەخەینە پێش چاوی خوێنەرانی بەڕێز و هەروەها ڕونکردنەوەیەکیش بێت بۆ ئەو بەریزەی کە ئەو کۆمەڵە تۆمەتانەی کە هیچ بنەمایەکیان نیە داوەتە پاڵمان کە تەنها مەبەستی ناوزراندنی منە ئەگەر نا هیچی تر نییە. بەم شێوەی لای خوارەوە خاڵ بەخاڵ وەڵامی ئەو تۆمەتانە دەدەینەوە:

- هەر لە سەرەتای بابەتەکەدا ئەو بەرێزە "چاودێر"، کاتێك ناوی وەزیری مافی مرۆڤ دەبات ئاماژە بۆ "دادە"دەکات بەلام هەر لەوەدا دیارە کاکی بەناو چاودێر زۆر بێئاگایە تەنانەت نازانێت وەزیری مافی مرۆڤ پیاوە یاخود ژنە، خۆش چاودێرێکی کەواتە سەرجەم چاودێریەکانت وەکو ئەو خاڵەی بێئاگایت لێی تەنها مەبەستت ناوزراندنمانە.
- لە خاڵی یەکدا هاتووە (بەرپرسی نوسینگەی مافی مرۆڤ لەکفری بڕوانامەی شەشی سەرەتایی هەیەو خوێندواریەکی باشی نیەو... هتد) . بەرێزم بەشارەوایەی نەبوە من بەبروانامەی شەشی سەرەتایی کراوم بەلێپرساوی ئەو نوسینگەیە، چونکە بەندە پێشتر لێپرساوی سەنتەری رۆشنبیری و کۆمەلایەتی کفری بووم کە سەر بەرێکخراوی NPA دواتر کە ئەو سەنتەرەیە خرایە سەر وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفال من وەکو لێپرساو لە جێگای خۆم مامەوە. بۆئەم خاڵە حەزدەکەم ئەم چەند رونکردنەوەیە بخەمە روو
- دیارە کە پێشتر ڕێکخراوی NPA منی بەلێپرساو قەبوڵ کرد لەبەر لێهاتویم بوو لە بواری رێکخراوە مەدەنیەکان.
- خەڵکی کفری شاهد حاڵە کەوا من چەند کەسێکی چالاك بوومە لەبواری چالاکی مەدەنی چ لە ریفراندۆم یاخود کردنەوەی خولی هۆشیاری.
- لەبەر لێهاتویم یەك رۆژنامەی ئازادی رێگە پێدراو لەگەرمیان هەبووە من سەرنوسەری بوومە.
- نوسینەکانم شاهدی ئەوە دەدەن کە من کەسێك نیم بە ئەو شێوەی بەرێزت ناومت بردووە (باش نازانی بنوسێت و گوزراشت بکات) .
- لە هەڵبژاردنی یانەی قەڵەمی کفری کە لە ساڵی 2002 ئەنجامدرا لە شاری کفری دەنگی یەکەمی هێنا.
- لە کۆنفرانسی کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەلایەتی کەرکوك-نووسینگەی کفری لە ساڵی 2005 دیسان دەنگی یەکەمی هێنا.
- سەرنووسەری یەکەم هەفتەنامەی ئازادم لە گەرمیاندا.
- هەروەها لە هەڵبژاردنی ئەم دواییەی کۆمەڵەی روناکبیری-نووسینگەی کفری کە لە 8/13 ئەنجامدرا لە شاری کفری، سەرکەوتنم بەدەستهێنا.
- نزیکەی 500 پێنج سەد کەس لە کورو کچی شاری کفری لەسەر دەستی من فێری کۆمپیوتەر بوون.
- بەدەیان کێشەی کۆمەلایەتی ئاڵۆزم چارەسەرکردوە کە دەرئەنجامەکەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنی لێدەکەوتەوە.
- نزیکەی ساڵێك و پێنج مانگ بە عەقد و بە تەنها"50" پەنجا هەزار دیناری مانگانە بەرپرسی ئەو نوسینگەیە بووم کە هیچ کەس ئامادەنیە بە ئەو برە پارەیە کارێکی وا بخاتە ئەستۆی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خۆی، تەنها لەبەر ئەوەش ئەو کارەم کردوە کە بەکارێکی مرۆڤ دۆستانم زانیوە، نەك بۆ مەبەستێکی تر.

- هەموو ئەوانەی باسم کردن خەڵکی کفری شاهیدین و هەروەها ئەو دەردەخەن کە ئایا ئەو پێناسەی جەنابت بۆ بەندەت کردوە چەند ناراستە، ئەوەش ڕون دەکەمەوە کە جەنابت دەڵێت (بە وریابینیانەو بەپاڵپشتی ویژدانێکی پاك دێرێك لە دونیایەك پۆخەڵەوات) مکەت چەند ناراست و چەند بێبنەمان.

1. سەبارەت بەخاڵی دووەمت کە دەڵێیت (خاوەنی دەیان کاری گەندەڵی و تەزویرکردنە) من ئەوەندە دەڵێم بۆئەوەی خوێنەرانی بەڕێز و خودی بەڕێز وەزیری مافی مرۆڤ باوەرت پێبکەن تەنها یەکێك لە ئەو (گەندەڵی و کارە تەزویریانەت) بخستایەتە ڕوو لە نوسینەکەت. هەروەها نوسیوتە (زۆربەی ئەو کارو خزمەت و پاداشتانەی کە وەزارەتەکەت دەینێری بۆ ئەم نوسینگەیە بۆنمونە نەوت ... ... ... هتد) لەوەدا ڕون دەبێتەوە کە جەنابت نازانیت بنوسیت کە ئاگات لەسەرەتاو کۆتایی ڕستەکەت نیەو نازانیت چیت نوسیوە. هەروەها باسی نەوتت کردوە بەڕێزم نە وەزارەت و نە ئێمەش نوسینگەی دابەشکردنی نەوت نین. بەڵام کاتێك وەزارەتمان ناوی (وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارە ئەنفال) بوو بەشێکمان هەبوو بەناوی ئاوارە و ئەنفال، لە 2006/8/12 بەهاوکاری ڕێکخراوی MERCY CORPS و بەئاگاداری بەڕێز جەنابی قائیمقام و یەکێتی ژنانی کفری و نوێنەی کۆمیتەی کفری و ئەنجومەنی ئاوارەکانی ئێران ژمارەیەك بەرمیل نەوت لەلایەن ئەو ڕێکخراوەوە بۆ خەڵکی (ئاوارە و ئەنفال، کەم دەرامەت) هات. بەچاودێری ڕێکخراوەکە و لیژنەیك لە ئەو لایەنانەی لەسەرەوە ناومان بردن و هەروەها نوێنەری کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بەندەش کە نوێنەرێك بوو لەنێو ئەواندا ئەو نەوتە دابەشکرا.

2. لەخاڵی سێدا هاتوە "سێ کارمەندی نوسیوە بەناوەکانی (س، م ... و ... ح، ش ... و ... ك، و) دەوامیان پێناکات و موچەکەی لەگەڵ کردونەتە بەشەوە ". ڕونکردنەوەمان بەم شێوەیە: سەرجەم فەرمانبەرانی نوسینگەی مافی مرۆڤ لەکفری ژمارەمان (6) کەس بەبەندەشەوە بۆ ڕاستی ئەوەی کە ئایا ئەو سێ ناوەی باسی کردون خوێنەران خۆیان ڕاستیەکە دەربخەن سەرجەم ناوەکان بەناوی سیانی بڵاو دەکەینەوە کەبریتین لە:

- صلاح محمد امین
- ولید جمعە عبدالرحمن
- شادمان هیدایت قاسم
- ئامانج حسین محمود
- زینب حسین علی
- نعمت مجید سیدا

من ئەوەندە ئەڵێم با خوێنەر خۆی بڕیار بدات کە ئایا کاکی چاودێر (بە وریابینیانەو بەپاڵپشتی ویژدانێکی پاك دێرێك لە دونیایەك پۆخەڵەوات) یاخود تەنها بۆ ناوزراندنی بەندە بووە. ئەوەش دەڵێم هەرەبەڵگەیەکت هەیە لەسەر ئەوانە زۆر بێ شەرمانە بیان خەرووی خوێنەر، چونکە لەم نوسینەت بۆ خوێنەر چاك ڕون دەبێتەوە چەند بی ویژدانانە کەوتویتە ویژەی من و زۆر بێشەرمانە دنیایەك تۆمەتی بێبەمات داوەتە پاڵمان.

3. لەخاڵی (4) هاتوە (برایەکی دەستی هەبووە لە پلاندانانی تەقینەوەی تیرۆریستی لە شاری کفری و دەستگیرکراو بەهۆی کوتلەبازییەوە ئازادکرا)، هەروەها دەڵێ دەتوانی لە بنکەی پۆلیسی کفری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بپرسی، مرۆڤ کە شەرم نەکات ئامادەیە هەموو شتێك بکات، ئاخر کام تەقینەوە؟ کەی بوو؟ لە کوێ بوو؟ براکەی ناوی چی بوو؟ هەموو خەڵکی کفری دەزانێ من دوو برام هەیە یەکیان ئاسایشەو تاکوو ئێستا دەوام دەکات، ئەوی تریان بەبریاری دادگا 20 ساڵ حوکمدراوە بەڵام لەسەر تاوانێك کە هیچ پەیوەندی بەتەقینەوە نیە، هەروەها تاکو ئێستا ئازادنەکراوە وەك ئەوەی دەڵێیت (بەهۆی مەسئولێکی کوتلەباز ئازاد کرا) . دەمەوێت ئەوەش بڵێم تاوانی براکەم چ پەیوەندی بەمنەوە هەیە هەر کەس و ئازادە لە ژیانی خۆی کەسانی تر گوزارشت ناکەن لە ئەو لەهەر کارێك، تەنها ئەو بیرکردنەوەیە لای بەعسیەکان وابوو کە برا ئەگەر کارێکی بکردایە بەدڵی حزبی بەعس نەبوایە ئەوا خێزانەکەی هەمووی ڕەودەکرا، بیرکردنەوەی جەنابتیش لەبیرکردنەوەی بەعسیەکان دەچێت.

4. لەخاڵی (5) هاتوە (دەوامێکی زۆر کەم دەکات) ئەو هاوڵاتیانەی کە ڕۆژانە سەردانی نوسینگەکەمان دەکەن چاك دەزانن من دەوام دەکەم بەکەمی یاخود نا، هەروەها جەنابی قائیمقامیش ئاگادار دەکرێتەوە ئەگەر من کەم دەوام بکەم، هەروەها جگە لەوەی کە بۆ کاری تایبەتی نوسینگە لە نوسینگە نارۆمە دەرەوە، هەروەها گوایە نووسینگەکەمان کردۆتە جێگەی پیاوەتی و کۆمەڵێك هاوڕێی بێگەڵك وەکو ئێوە باسی دەکەن، ئەوەندە ئەڵێم تا ڕێکەوتی 2006/8/1 ئێمە لەنوسینگەکەمان بەشێکمان هەبوە بەناوی بەشی ڕۆشنبیری کە ڕۆژانە کورو کچی گەنج و مامۆستاو خوێندکار لە هەموو چینەکان ڕویان تێدەکرد بۆ خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە بۆیە ئەوە دەڵێم ئەوانەی سەردانی نوسینگەکەمان دەکەن هەموو کەس دەیاناسی و هەموویان خەڵکی ڕۆشنبیرو مامۆستاو نووسەرو ڕۆژنامەنووسن و خەڵکی پاك و ساغن، بۆیە ئەڵێم بەداخەوە بەڕێزت چۆن چاودێرێکی بەویژدانیت!!؟؟

لە کۆتاییدا دەڵێم:

شانازییە بۆ ئێمە کە بەوپەڕی دڵسۆزی و لە خۆبردوییەوە بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ دەکەین و لە نێوەی شەودا ئەو کاتانەی کە ئێوە خەو بە گەورەیی خۆتانەوە دەبینن و خەیاڵ پڵاوی دەکەن، ئێمەی مافی مرۆڤ کچ و کوڕی ئەم وڵاتە لە کوشتن ڕزگار دەکەین و بەرگری لە ژنان و کچان بەتایبەتی و مرۆڤ بەگشتی دەکەین و تەنانەت زۆر جار دووچاری مەترسیش بووینەتەوە.

ئەوە دەڵێم ئەگەر ئەوەندەی گەردێك ویژدانت هەبوایە حەقیقەت بڵاودەکردەوە، چونکە خۆتت بەچاودێر ناوبردوە.

سەلاح محەمەد ئەمین
لێپرسراوی نووسینگەی مافی مرۆڤ لە کفری
2007/8/21

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.